ڕێکەوتنی سیاسی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وبزوتنەوەی گۆڕان.

یەکەم: لەسەر ئاستی عێراق:

١/ حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێ بە پێداگیری لەسەر جێبەجێ کردنی مافە دەستوریەکان، و دانانی سەقفی زەمەنی بۆ هەریەک لە پرسەکانی مادەی (١٤٠)، نەوت و غاز، بودجە، پێشمەرگە، دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی ودادگای فیدراڵی عێراق.

٢/ ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکوک، و ناوچە کێشە لەسەرەکان، بۆ پێش ٢٠١٤/٦/١٠، و دانانی سەقفی زەمەنی بۆ ئەو مەبەستە، و بەڕێوەبردنی کەرکوک و ئەو ناوچانە، بەهاوبەشی لەگەڵ پێکهاتەکان.

٣/ حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان، دەستەی دان وستاندن دروست دەکەن، بۆ دان وستاندن لەگەڵ بەغدا، بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستوریەکانی میللەتەکەمان ...

٤/ حکومەتی هەرێم پێداگیری دەکات لەپێناو چەسپاندنی پرنسیپی هاوسەنگی و هاوبەشی ڕاستەقینە و سازان لەسەر ئاستی عێراق و دامەزراوەکانی عێراق .

٥/ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگری بکات لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لەعێراق.

دووەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

١ /حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەدامەزراوەیی و بەنیشتیمانی کردنی سەرجەم دام و دەزگاکانی هەرێم، بەجۆرێک کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان مسۆگەر بکات.

٢/ حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە ئەهێشتنی پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران و ، جێگیرکردنی بڕی پاشەکەوت لە زنجیرەی موچەخۆراندا و گێڕانەوەی ئەم پاشەکەوتە بەخشتەیەکی گونجاو لەگەڵ باشبون و توانای دارایی.

٣/ حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکانی حکومەتی ڕەشید، بەتایبەتی شەفافیەت و پرسینەوە و هاوبەشی

ڕاستەقینە...هتد بەمەبەستی جەسپاندنی حکومەتی هاوڵاتیبون بۆ هەموو کوردستانیان.

٤ /حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە دەکات بەسەر لیستی موچەخۆران بە مەبەستی ساغکردنەوەی فەرمانبەری ڕاستەقینە، لە موچەخۆر، بۆ ئەوەی لیستی فەرمانبەران ڕێکبخرێتەوە لەسەر بنەمای میلاکی ڕاستەقینە، بەمها جارەش ئەوەبە نەبحومەتی حرمەت دروست بکرێت.

٥ /حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار دەدات بە دامەزراندنەوەی گشت ئەو کەسانەی لە بەر هۆی سیاسی لە سەر کارەکانیان دوور خراونەتەوە و سزای جۆراو جۆر دراون.

٦/ حکومەتی هەرێم پابەندە بە بیشنیمانی و دامەزراوەنی کردنی پەیوەندیەکانی دەرەوە.

٧ / حکومەتی هەرێم پابەندە بە بەرشیق کردنی حکومەت و دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان.

**٨ /** بەپرەوکردنی لامەرکەزیەتی کارگێری و دارایی زیاتر بۆ پارێزگاکان و، شۆربونەوەی دەسەڵات بۆ یەکە کارگێریەکان لەژێر چاودێری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٩/ جەجب کردنەوە لەسەر ڕێزگرتن لەئازادیەکان، و جیاوازیەکان و دەستخستنی ڕانیاری بە پێی یاسا . و پشتیوانی دام و دەزگای پۆلیس و دادگا بۆئەوەی کاری خۆیان ئەنجام بدەن، نابێت هیچ کەس بەبێ فەرمانی دادوەر دەست گیر بکرێت و نابێت لەدەرەوەی شوێنی تایبەت بەڕاگیراوەکان کەس بەند بکرێت.

١٠/ بەپرەو کردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان و ڕنگرتن لەفۆرخکاری و پشتیوانی کێبرکێ و بشکداری هاوڵاتیان.

١١/ حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسیەکان پابەندن بەیەک پارچەیی و یەکگرتوی فەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان و کاردەکەن بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

١٢/ حکومەتی هەرێم کاردەکات، بۆ پاراستنی هەرێم لەشەڕو ململانێ نێودەوڵەتی ئیقلیمی و شەڕو ململانێ ی ناوخۆ

_١/ پەرلەمانی کوردستان

ا/ هەموو ئەو یاسایانەی ڕەهەندی نیشتیمانیان هەیە، بە سارانی هەردولا هەموار دەکرێن و دەردەچوێنرێن لە ناو پەرلەمان، وەک ( دەستور، یاسایسەرۆکایەتی هەریم، یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ....هتد ).

ب/ کاراکردنی رۆڵی چاودێری پەرلەمان، و هەموو ئەو دەزگایانەی تایبەتن بە چاودێری و پشکنین.

٢/ دەسەڵاتی جێبەجێکردن

١/ سەرۆکایەتی هەرێم

کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە لایەن پەرلەمانی کوردستان تا نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان و پێداچونەوە بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمدا .

٢/ ئەنجومەنی وەزیران / بەرنامەی کابینەی وەزاری

سەبارەت بە بەرنامەی کابنەی وەزاری نوێەمەوە :

١/ بەرنامەی وەزاری کە کۆکراوەی بەرنامەی لایەنە بەشدارەکانە، دەبێ لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندبکرێ.

٢/ بەرنامەی وەزاری دەبێ پرۆژەی یاسای چاکسازی هەمەلایەنەی سیاسی، یاسایی، ئابوری و دارایی، کارگێری، لەخۆی بگرێ .

٣/ لەچوارچێوەی ئەنجومەنی وەزیراندا ئەنجومەنێکی باڵای چاکسازی دروست بکرێ.

٤/ دیاریکردنی سەقفی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی هەر سێکتەرێک لەو سێکتەرانەی کە لەبەرنامەکەدا هاتووە، لەدۆخی ئاسایی و ئارامی و سەقامگیری دا لە هەرێمی کوردستان.